## تکایە هەستی خەڵک و ئاستی نووسینتان بپارێزن. . . ئازاد محەمەدئەمین سەلیم *

(ئەڵمانیا – هانۆفەر)
بەر لە هەموو شتێك دەڵێم من نووسەر نیم بە مانای نووسەر بەڵام خوێنەرێکی نیمچە بەردەوامی سایتەکانم وە ڕێزیشم بۆ هەموویان هەیە، وە جاروباریش هەندێ شت دەربارەی ڕووداوەکانی ڕۆژ دەنووسم. وە باوەڕیشم بە بیروباوەڕی ئازادە تا ئەو کاتەی ئازادی خەڵکی تر نابەزێنێ.
بەڵام ئەوەی بەڕێز تاهیر سالح شەریف بە تایبەتی وە کوردستان پۆست دەینووسن ماوەیەکە بە ڕای من لە ئازادی ڕا دەربڕین دەرچووە، بەڵکو پەڕیوەتەوە بۆ هێرش کردنە سەر ئەم و ئەو لەمەش زیاتر جنێودان.

بە ڕای من هەموو نووسینێك ئامانجێکی لە دواوەیە (بۆ نموونە گۆڕینی ڕای گشتی خەڵك بەرامبەر دیاردەیەك) ، کە لەو باوەڕادام بەڕێز تاهیر سالح شەریف بە تایبەتی وە کوردستان پۆست ئامانجیانە. بەڵام من پرسیار دەکەم ئایا ئەوان بۆ کێ دەنووسن؟ وە ئایا ئامارێکی زانستیان لەبەر دەستدایە کە نووسینەکانیان جێی ڕێزی خەڵکە؟

بەڕێز تاهیر سالح شەریف کە بە جوێن دان نووسینەکانی دەڕازێنێتەوە شتێك ناگەیەنێتە خوێنەر چوونکە یەکێك لە شێخەڵڵا بهێنە لەوانەیە جوێنی پیس ترو خراپتر بدا لەگەڵ جیاوازی ئەوەی کە بەڕێز تاهیر سالح شەریف (نووسەرە) بەڵام ئەوەی شێخەڵڵا (لەگەڵ ڕێزم بۆیان) لەوانەیە نەخوێندەوار بێت!!

دەبێت بەڕێز تاهیر سالح شەریف بزانێت کە دژی بەڕێز مەسعود بارزانی دەنووسێ، بێ گومان سێ بۆچوون سەبارەت بە بەڕێزیان هەیە کە یەکەمیان هەموو شتێکی ئەو بەخراپ و بێ سوود دادەنێ وە دووەمیان هەرچیەك بکات هەر ڕاستە وە گرنگەکەیان سێیەمە کە بە گوێرەی هەڵس و کەوت و شتی بەڵگەدار وە (باوەڕ پێکەر) شتەکان هەڵدەسەنگێنێ.

کەواتە دەبێت ئەو هەوڵ بدات ئەم دەنگانە بۆلای خۆی ڕابکێشێ، وە ئەمەش بە زمانێکی پاراوی ئاست بەرز دەبێت نەك جوێن دان و کەمکردنەوەی بەرامبەر چوونکە بە کوردی وە بە کورتی جوێندان ئیشی خەڵکی بێ دەسەڵاتە (دەسەڵاتیش هەردەم بەکار هێنانی هێز نیە) .

لە کۆتاییدا ئومێدەوارم نووسینەکەم لەوە زیاتر لێکنەدرێتەوە لەوەی کە نووسراوە وە کوردستان پۆست بابەتیانە چاوێك بە نووسینەکانی بهێنێ. وە هەروەها ئەم نووسینە نە بەرگریە لەکەس وە نە دژایەتی کەسیشە وە پێشم خۆشە ئەگەر کەسێك قسەکانی بە دڵ نیە بە زمانی شارستانیەت لە ڕێگای ئیمایلەکەمەوە بۆم بنووسێ.
(*) پرۆگرامەڕ لەبواری کۆمپینەر
deazadsalim@yahoo.